# پانۆڕاما

## زنجیرەی هەشتەم

▪ **پیشکەشە بە رۆژی ژنان{ئافرەتان}.**

**فەهد گردەوانی**

**هەرجارەی دەینووسێت**



**یەکەم... گیسک{کاریلە} و کاوڕ{بەرخ} رووحی مامجەلالیان لەمردن رزگار کرد...دەڵێن کە عودەی کوڕی سەدامی حوجەی کەوتە نەخۆشخانە ، خەڵکی عێراق بە گشتی و جاش و موستەشار و بەعسییەکانی کوردی بە تایبەتی ،کاوڕ و گیسکیان دەکردە خێر، بۆ ئەوەی عودەی لە مردن رزگار بێت . کۆنە جاش و کۆنە موستەشار و کۆنە بەعسی یەکانیش یەکەم کەس بوون کە گیسک و کاوڕ یان کردە خێر بۆ مام جەلال. لە ژێر کلکی مەڕ و بزن کۆنە جاشەیەتی و کۆنە بەعسیاتی خۆیان شاردەوە ،یان دەیانەوێت بیشارنەوە. ئەی نازانن ئەمڕۆ بێت یان سبەی دەبێ مامجەلال بچیتە قەبری[گۆڕی]خۆی و لەو دنیایەش بە پەری یەکان شادبێتەوە و تێر لە ئاوی بەهەشت بخواتەوە.ئەی موسڵمان نابێ هەر هەموویان سەریان بە بەردی ئەلحەد بکەوێت .چۆن دەبێت پێش لەمردن بگیرێت.لە کوردستانی لای سلێمانی ، ئەو هەموو مەلایە چۆن نوێژ دەکەن بۆ ئەوەی بڕیاری خوا و بڕیاری عیزرائیل و بڕیاری تەواو بوونی حەیاتی مام جەلال هەڵوەشێننەوە.مامجەلال خۆی بە سەرۆکی هەموو عێراق دەژمێری ، کەچی لە نەجەف و کەربەلا و لە بەسرا خەڵکی نوێژی چاکبونەوەیان بۆ نەکرد.سەیری هەردوو ڕاگەیاندنی ئیماراتی سلێمانی ئیماراتی هەولێر بکە چەند جیاوازە .لە لاپەڕەکانی [کوردستانی نوێ] ی یەکێتی هەر باس باسی سەڕ بڕینی گیسک و کاوڕ و مەڕ و بزن و بەرخ و کاریلەیە، بۆ چاک بوونەوەی مامجەلال . لەسەر لاپەڕەکانی [خەبات]ی پارتیش هەر باسکردنی زیارەتی مەزاری نەمران [مەلامستەفا و ئیدریس]ە، بەبۆنەی یادی کۆچی دواییان .باسی نەخۆشی و سەربڕینی ئاژەڵ بۆ مامجەلال بڵاوناکاتەوە و کوردستانی نوێش باسی زیارەتی مەزاری نەمران نانوسێت. ئەو هەموو گۆشتە بەسەر فەقیر و هەژارانی کوردستان دابەش دەکرێت یان دەبیتە تکەوکەبابی دانیشتنەکانی دەسەڵاتداران و بۆن و بەرامیشی دەبێتە خۆراکی منداڵانی هەژار. ئەو هەموو کاوڕوگیسکە پەروەردە بکرابانە بۆ زیاتر بەرهەم هێنانی بناغەی ئابووری کوردستان باشتر نەبوو لەوەی ببێتە رێکلامێکی فشەکرا و چاولێکراو. مام جەلال ئەگەر لە دڵی میللەتدا بژی و خۆشەویستی خەڵکی بێت بە دوعاکردن و نوێژ کردن و سەربڕینی بەرخ و کاریلە خۆشەویست نابێت.مامجەلال خودی خۆی باوەڕی بەو هەموو دوعاونوێژوخیرە نی یە بۆ ئەوەی چاک ببێتەوە.مام جەلال تەمەن بۆ خۆی دەباتەوە ، گەیشتە حەفتاو ئەوەندە ساڵە. لە کوردستان و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، تەمەنی پیاو دەگمەنە دەگاتە حەفتاوئەوەندە.بەڵام خۆشی نامەی مامجەلال لەوە دیارە کە بەبۆنەی یادی راپەڕین ئاراستەی خەڵکی کوردستان کردووە و دەڵێت [دەگەڕێمەوە لاتان بە باشترین تەندروستی] مامەش هێشتا چاوی لەو کورسی یە ،ئەی بۆچی من باسی ئەو حوسنی موبارەکەم کرد کە بەسەر کورسی سەرۆکایەتی نووساوە.برایانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان با لە ئێستاوە یەکێک دەستنیشان بکەن بۆ جێگرتنەوەی مام جەلال.خەڵکێکی زۆر لە ئەوانەی دوێنێ حەزیان نەدەکرد [مەلامستەفابارزانی و ئیبراهیم ئەحمەد]یش بمرن و بچنە بەهەشتی خودای**

،بەڵام بۆیان نەچووە سەر و بڕیاری خودای پاشگەزبوونەوەی بۆ نەبوو. جائەوانەی ئەمڕۆش بۆ مامجەلال و بۆ ئەوانەی تر هەر خێر و نوێژ بکەن ئەو ڕۆژە دادێ کە بچنە سەر گۆڕەکە و تاجە گوڵینەی بخەنە سەر . با ئەو زیادە مەسروفە لە شتی تر خەرج بکرێت بۆ ئەوەی جەماوەر بەختەوەر تر بێت .هیوادارم مامجەلال بە پێوە ماڵئاوایی لە جەماوەری کوردستان بکات و بە دەست نەخۆشی یەوە ڕەزیل نەبێت .دوو ڕۆژنامەنووسی بەدەست و قەڵەم با دوا کاتەکانی مامجەلال تۆمار بکات و چاوپێکەوتنی نەترسانە وبوێرانەی لەگەڵ بکات، نەبادا خوا لە پڕ مامجەلالمان لێبستێنێتەوە و هەموو نهێنی یەکان لەگەڵ خۆی بۆ پەریان بباتەوە.بیرەوەری مامجەلال بۆ گەلی کورد گەلێک پێویستە.گەلێک کارەسات و ڕووداووی شاردراوە و نهێنی هەیە هەتا ئەمڕۆکە لای مامجەلال پارێزراوە. مامجەلایش هەنووکە دەتوانی خزمەتی یەکبوونی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بکات و جێگری خۆی بۆ ئەندامانی یەکێتی دەستنیشان بکات و بیچەسپێنی، ئەگەرنا لەپاش مردنی ، سەرکردایەتی یەکێتی نیشیمانی بۆ جێگای مامجەلال دەکەونە ناو یەکتر و دیسان تەکەتول و لێک دابڕان ڕوودەدات و یەکێتی لاواز دەکات.

دووەم...ڕۆژی ژن...ڕۆژی بەختەوەری ئەو مرۆڤەیە کە لە باوەشی گەرمیدا ، مرۆڤی بەنرخی وەکو کارل مارکس ،محەمەدی پەیامنێری ئیسلام ، گاندی هیندیستان ،یوسف سەلمان[ فەهد]ی عێراق و...هتد پەروەردە کردووە . هەر لەو باوەشە گەرمەشدا ، هیتلەر و فرانکۆ و سەدام حوسێن و عیدی ئەمین پەروەردە بووە. ئەو باوەشە گەرمە جەرگی سووتاوە و ڕۆڵەکەی ئەنفاڵ کراوە و پارچە جەرگەکەی بە گازی ژەهراوی خنکێنراوە.ئەو ڕەوشتە دەبێ چارەسەربکرێت کە دەبێتە هۆی سوتاندن و کوشتنی ژن. ئەو مرۆڤە لەهەر باروزروفێیک بژیت هەر پیرۆزە چونکە ژنە ژن . دەبێ لە ئێستاوە خوێندکار و قوتابی تێکەڵاوی یەکتر بکرێن بۆ ئەوەی شان بەشانی یەکتر بۆ یەکسانی پیاو وژن هەوڵبدەن و کۆمەڵگا بەرەو پێشەوە بەرن. چەپکە گوڵێکی جوان بۆ ڕۆژی ژن،بۆ دایکی خۆشەویستم و دایکانی خۆشەویست، بۆ هەمووتان.

سێیەم... ڕاپەڕین...ئەگەر ڕانیە دایکی ڕاپەڕین بێت ،ئەوا پیرە هەولێر داپیرەی ڕاپەڕینە. بەر لەوەی لە شارەکان خۆپیشاندان بکرێت ،لەلای شێخەڵلا گەنجولاوی هەولێر بۆ ترس شکاندن خۆپیشاندانیان دەست پێکرد.ئەو کاتە هێشتان بۆنی ڕاپەڕین کوردستانی داگیرنەکردبوو. شازدەساڵ لەمەوبەر خەڵکی کوردستان بەر لەوەی هێزی پێشمەرگە لە ئێران و لەشاخ بگاتەوە ناو شار ڕاپەڕین و دامودەزگای ڕژێمی فاشی عێراقیان داگیرکرد و دەزگای ئاسایس و ئیستخباراتی بەعسیان ڕووخاند و سووتاند.خەڵکی هەر بە ڕووحیەتی ڕاپەڕین بەشداری یەکەم هەڵبژاردنیان کرد و پەرلەمانی کوردستانیان هەڵبژارد ،بەڵام بەداخەوە هەردوو زلهێز هەتا توانایان هەبوو ڕاپەرینیان سەربڕی و خەڵکیان دووچاری ئەو باروزروفە ناهەموارەکرد و کوردستانیان دووچاری شەڕێکی خوێناوی کرد کە هاوخەباتی ڕاپەرینیان لەیەکتر کردە دوژمن و کوردستانیان کردە دوو پارچە.مێژووی ڕاپەڕین ئەگەرچی تازەیە و ماوەی ڕوداوەکە کورتە و نوێیە،دەبینین هەر قەڵەم و حیزبەی بەجۆرێک باسی لێوەدەکات کەخۆی دەکاتە تاقەپاڵەوان و ئەوانەی تر دەکاتە پاشکۆ.مێژووی ڕاپەڕین بەو هەموو شایەدی زیندووە ، جارجارە دەشێوێندرێ .ئەو گەنجانەی کە تەمەنیان 14ساڵ و 15 ساڵ و 16 ساڵان بوو ، هەنووکە 30 ساڵ و 31 ساڵ و 32 ساڵانن . ئەوانە پێویستە یادگاری ڕۆژەکانی ڕاپەڕین تۆمار بکەن و بیرەوەری خۆیان بۆمان بنووسنەوە هەتا بزانین ئەو ڕۆژانە لەچ بارو زروفێک دا بوون و چۆن ڕژانە سەر شەقام و کۆڵانەکان و توانیان ڕژێم هەرەسان بکەن و پیاوانی ڕژێم بخەنە سەرچۆک . ئەو مامۆستایانەی ئەو کاتە لە ڕاپەڕین دابوون، تەمەنیان 20 ساڵ و 25 ساڵ و 30 ساڵان بوون، هەنووکە 36 ساڵ و 41 ساڵ و 46

ساڵان و دەتوانن ئەو مێژووە بۆ کورد بە چاکی تۆمار بکەن و راستیەکانی شاردراوە بخەنە بەرچاوی ئەو خەڵکە تامەزرۆیە.ئەوانە یادگاری ئەو رۆژانەیان لەبیر ماوە و تەرمی شەهیدانیشیان هێشتان لەبەرچاوانە ، با باسی ئازایەتی و چاونەترسی ئەو خەڵکەمان بۆ بکەن کە پاڵەوانە دەوری سەرەکیان بینی لە ڕاپەڕین . سەرفرازە خوێنی ئەو شەهیدانەی کوردستانیان لە راپەڕین رزگارکرد .

چوارەم...ماڵئاوایی نەدیم داگدیڤیرین...بەرێوەبەر و لێپرسراوی پەرتوکخانەی ستۆکهۆڵم بە نەخۆشی شێرپەنجە بە مانگێک کۆچی دوایی کرد.ئەو خەمخۆری کتابی کوردی یە تووشی ئەو نەخۆشیە کوشندەیە هات کە نەیتوانی خۆی بەرامبەری رابگرێت.نەدیم لە دەڤەری ئامێد[دیاربکەر] لە [بیسمیل] لەساڵی 1953 لەدایک بووە.لە 2007/3/2 لە نەخۆشخانەی سۆدری ستۆکهۆڵم کۆچی دوایی کرد. وەکو مامۆستا کاری دەکرد.لە نێوان 1977ـ1980 شیعر و پەخشانی لە رۆژنامەکانی تورکیا بڵاودەکردەوە .لە ساڵی 1983 لە ستۆکهۆڵم نیشتەجێ بووە. دادگای فاشی تورکیا 10 ساڵ زیندانی بڕیبۆوە لەبەر ئەوەی شیعر و پەخشانی لە کۆڕ و کۆبوونەوەکان خوێندبۆ وە. ساڵی 1989 دیوانی شیعری بڵاوکردەوە .کتابخانەی کوردی لە سوێد دامەزراند ، ساڵی 1997 لەلایەن وەزیری رۆشنبیری سویدی[ماریتا ئولڤسکوگ]کرایەوە. نزیکەی 8000 کتابی جۆراوجۆری کۆکردبۆوە.بەرهەمەکانی [ئامێدم ئامێد شیعر 1989] و [مەسەلەی کورد لە پەرلەمانی سویدی 1979 ـ 2001 بەرگی یەکەم 2001 ] و [مەسەلەی کورد لە پەرلەمانی سویدی 1979 ـ 2001 بەرگی دووەم 2002] و [وەرگێڕانی کتابی منداڵان بابی ئۆباری چی گووت بۆ تورکی ساڵی 1990]. تەرمە پیرۆزەکەی دەبەنەوە دیاربەکر و لە کوردستانی تورکیا بە خاکی دەسپێرن.

پێنجەم...مقتدی سەدر...ئەو هەموو مریدەی مقتدی چۆن داوا ناکەن مقتدی لە چلەی شینی حوسێندا وتاریان بۆ بخوێنێتەوە و بەشداریان بکات لە کەربەلای پیرۆز.ئەی ئەو لەشکری مەهدی یەی دەبابەی قووت دەدا بۆ وەکو بڵقی سەرئاوی لێهات و کەربەلای لە لەشکری ئەمریکی پاک نەکردەوە و لە چلەی حوسێندا گەرەکی سەدری رزگار نەکرد. ئەو پێشڕەوە لەکامە دارستان و ئەشکەوت خۆی حەشار داوە و کەی ئیمام مەهدی بەهانای دێت و عێراق لە داگیرکەران پاک بکاتەوە. ئێران دەمێکە لە رێگای مقتدی و مالکی و حەکیم دەست لە کاروباری عێراق وەردەدات و دەیەوێت باڵی شیعە لە عێراقی تازەدا بچەسپێنی .ئەو خەونەی ئێران بەو عێراقە جێبەجێ نابێت و سونەش لە رێگای وڵاتانی عارەبی بێدەنگ نابن و دەست لە عێراق ناکێشنەوە.بەردەوامی شەڕی ناوخۆیی پێویستی بە حکومەتێکی عیلمانی یە نەک ئایینی .

شەشەم...تورکیا...لەو ماوەیە ئەوەندە قەشمەری و گاڵتە بە ئەتاتورک [مستەفا کەمال]لە سایتی [یوتوپ] کراوە تورکیا هاکی کردووە. لە کوردستان ئەگەر کارەبا هەبێت و هەموو کەس بتوانی بچێتە سەر سایتەکان و بابەتەکان بخوێنێتەوە ، سەرکردەکان دڵەلەرزە دەگرن و ناتوانن درۆی شاخدار بەرامبەر کورد بکەن.کارەبا لە کوردستان نی یە ،خەریکی پیلانی دانانی هێڵی ئاسنین لە نێوان شارەکانی کوردستان .

حەفتەم...یانەسیب...ئەو 370 میلیون دۆلاری ئەمریکی ئەگەر کوردێکی لای خۆمان بۆی دەربچێت دەبێ دەستی یارمەتی بۆ ئەو میللەتە درێژ نەکات و کارەبای بۆ دابین نەکات .یا ئەویش هەر لە خۆشی تاقە شەخسی دەمێنیتەوە و بیر لە میللەت ناکاتەوە.

**فـەهـد گـردەوانـی 2007/3/9ستۆکهۆڵم**